## عێراق و ڕاپەڕینی جەماوەری

ئەم وتارە بە شێوەیەکی"مەکرو" و زۆر سادە باسی ئەم خاڵانە دەکەت: ڕاپەڕینی جەماوەری چییە، چەند جۆری هەیە و مێژووی لە عێراقدا چۆن بۆویە و چەند جیاوازی و تایبەتمەندیەکانی؟ بۆ، لەچ کاتێک دا و چۆن ڕاپەڕینی جەماوەری دروست دەبێت لە ناو کۆمەڵگادا؟ و هتد.
وشەیەکی زۆر کورت لەسەر تورکیا، قەندیل، شەڕی دووەمی ئیسرائیل و ئەمریکا لەگەڵ ئێران و ئەنجامی ئەم وتارە.

ئەم بابەتە زۆر فراوان و قووڵە. مشتومڕ و پرسیار زۆرە لە سەر تایبەتمەندیەکان و چوارچێوەی ئەم کونسێپتە. لەم وتارەدا بەشێوەیەکی زۆر زانستی و/یان فراوان باس لە خاڵەکانی خوارەوە ناکەین: مێژوو و کونسێپتی ڕاپەڕینی جەماوەری و تایبەتمەندیەکانی، چوارچێوەکەی، دروست بۆونی، ڕەفتار، کار، ئیش، فکر و هزر کردنی، ئەنجامەکانی و هتد. ناوی جیاوازی هەیە وەک: ڕاپەڕینی جەماوەری، بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری، ناڕەزایەتی جەماوەری، نافەرمانی مەدەنی (العصيان المدني)، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و هتد.

بە شێوەیەکی کورت، زۆر سادە و 'ماکرۆ' دەتوانین بڵێین کە ڕاپەڕینی جەماوەری = ئیش و کارەکی دەستەجەمعی گەل و جەماوەرییە کە بە شێوەیەکی زۆر گەورە و عەمەلی جەماوەرەک (بزووتنەوەیەکی گەل)، دێتە سەر شەقام و فەزای گشتی (خۆپیشاندان)، بۆ ئەوەی ناڕەزایەتی و بێزار بۆونی خۆی ئاشکرا بکەت بە توندوتیژی یان نە = سەرهەڵدان، شۆڕش بۆ ڕوخاندنی دەسەڵات.

لە زەمان و مەکاندا ڕاپەڕینی جەماوەری خاڵی هاوبەش (ژمارەیەکی زۆری خۆپیشاندەران، داواکارییەکان سەبارەت بە دادپەروەری،
نەمانی گەندەڵی و حوکمڕانی خراپ و هتد؛ دەربڕینی ناڕەزایەتی،The triggers are always localizedوهتد)،
وجیاوازی خۆی هەیە( چوارچێوە، کردار و رەفتار، داواکارییەکان" Transition or break with the systemوهتد"، ژمارەی بەشداربووان، دروشمی جیاواز، بە کارهێنانی توندوتیژی جیاواز یان نە، لە چینەکانی جیاوازی کۆمەڵگا پێکهاتووە یان نە، ئەنجام ' باش یان خراپ'، و ماوەی ' کورت، مامناوەند یان درێژخایەن'، تەدەخولی ئەکتەری دەوڵی خارجی و هتد).
ڕاپەڕینی جەماوەری چەند جۆری هەیە وەک: قەومی،Spontaneous or not،
ئایینی، داخراوە (ناوچەیەکی سنووردار لە ناو دەوڵەتێکدا)، یان کراوە(بەشدار بۆونی هەموو چینەکانی کۆمەڵگا، هیچ سنوورێک لەناو دەوڵەتدا نییە)، داخلی یان خارجی (ئایا لەلایەن دەوڵەتێکی بیانی دروست بوویە و/یان کۆنترۆڵ دەکرێت)؟ سەربەخۆیە یان نە؟ و هتد.

لە وڵاتێکدا کە کەمینەی ئایینی یان ئیتنیک هەیە، ڕاپەڕینی جەماوەری قەومی، ئایینی یان داخراوەش هەیە وەک لە عێراقدا. زۆرجار ڕاپەڕینی جەماوەری لە ناو کۆمەڵگایەکدا دروست دەبێت کە خاوەنی خیانەت، نادادپەروەری، ستەم و زوڵموزوری، نایەکسانییەکی(Inégalitaire)، زۆر قووڵی ئابوری و گەندەڵیی بێ سنوورە (پێش ڕاپەڕینی جەماوەری). ئەم خاڵانە ئەوە ئیسبات دەکەن کە چینی دەسەڵاتدار(چ دینی یان سیاسی)، لە ڕووی مەعنەوی و ڕۆحییەوە بە تەواوی شکستی هێناوە، کە لە ژێر کۆنترۆڵی مانتالەکی زۆر بچووک، نزم و تەماح دانە، وەک عێراقی ئێستا. جەماوەر و کۆمەڵگا پێویستە باش ئاگاداری ئەوە بن کە بە شێوەیەکی گشتی لە ژیاندا باڵی ڕۆحی دەسەڵاتدارە لە سەر باڵی ماددی. و بە زانینی ئەمە بە شێوەیەکی عەمەلی و زۆر قووڵ، جەماوەر دەبێت نەک تەنها باوەری ڕاستەقینە بە خۆی هەبێت، بەڵام هەست بە ئەوە بەکەت کە بەتوانا و هێزی خۆی دەتوانێت گۆڕانکاریەکی ریشەیی دروست بەکەت.

سەرەڕای ئەم خاڵانەی نێگەتیف، هەندێک جار ڕاپەڕینی جەماوەریspontaneous
ڕوودەدات و هەندێک جاریش نە. بۆ؟ بەپێی بارودۆخەکە هۆکارەکان جیاوازن لە زەمان و مکاندا، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر سادە و کورت:
تایبەتمەندیەکانی کەلتووری و تەقالید، ستراتیژییە جیاوازەکانی دەسەڵات بۆ نەهێشتنی هەر بەرخۆدانێک یان ڕاپەڕینێکی جەماوەری وەک:
کۆنترۆڵ کردنی تەواوی ئابووری، دروست کردنی چینێکی مامناوەند: کارمەند، ئەندام و چەکداری میلیشیای، دوکاندار و بزنسی بچووکەکان و هتد، کە تەنها سوودی پێویست وەردەگرن؛ دروست کردنی ترسێکی زۆر قووڵ، نائومێد کردنی تەواوی کۆمەڵگا و جەماوەر کە زۆرجار بەرەو ئیفلیج کردن دەبات نەک کردار، و هتد. جەماوەر و کۆمەڵگا پێویستە زۆر باش ئاگادار بن کە بەها و تێچوونی(کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبن)، هیچ نەکردن زیاتر و گەورەترە لەئەوەی ڕاپەڕین.
چەند تایبەتمەندی ڕاپەڕینی جەماوەریSpontaneous:
نەبوونی ڕێکخستن و پلانی پێشوەختی دیارکراوە، زۆر جار خاوەنی هیچ سەرکردە نییە و بە کار هینانی توندوتیژی(هەندێک جار)، وەڵامەکی بە خێرا بۆ قەیرانەکان، جەماوەر توڕەیی ڕاستەوخۆ لە دژی دەسەڵاتداران دەردەبڕن و هتد. سوپرایزەکە هاوتایە لەگەڵ کتوپڕبوون، لەگەڵ spontaneity، لەگەڵ acceleration و پاشان ڕاپەڕینە.

لە ئەمریکای لاتین، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، نارازایەتی و ڕاپەڕینی جەماوەری زیاترە لە وڵاتانی تر. هەر چەند The triggersهەمیشە تایبەت و ناوخۆیین(بەڵام زۆر جار ڕاپەڕینی جەماوەری وەک لە: ئیکوادۆر، عێراق، جەزائیر، هایتی، ئێران، یان لوبنان و هتد لە ژێر کاریگەری ئەکتەری دەوڵی خارجی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دایە[1])، و دەتوانن هەر هۆکار و/یان شتێک بن وەک:
سیاسی(دیکتاتۆری و حوکمڕانی خراپ، ستەم و زوڵموزوری بە شێوەازی جیاواز لەگەڵ جەماوەر، تاڵان کردن، دزی و گەندەڵی شەرعی زۆر قووڵ؛ سەرکوتکردنی ئازادییە بنەڕەتییەکان، هەڵخەڵەتاندن، خاپاندن و کۆیلایەتی کردنی جەماوەر و هتد)؛ ئابووری و کۆمەڵایەتی (بەرز بۆونی بێکاری، social inequality زۆر قووڵ، بەرزبوونەوەی تێچووی ژیان 'سووتەمەنی، خۆراک، هتد'،
نەبوونی خانووبەرە، دابەزین یان نەبۆونی مووچە و هتد)؛ قەیرانی متمانە[2](ئاگاداربۆونەوەی جەماوەر بە شێوەیەکی عام 'چ حزبی و غەیری حزبی لە بۆشاییەکی قووڵ و بەرفراوان لە نێوان خەڵک و سەرکردەکان کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی تەواوی شەرعییەتی سەرکردەکان)؛

دەستپێکردنی ڕاپەڕینی جەماوەری لە ڕووداوەکدا( باجی نوێ'بۆ نموونە باجی سووتەمەنی'، سەرکوتکردنی خۆپیشاندانێکی قوتابی، سەندیکا؛ هەڵبژاردنێکی ساختە، درۆ
و قبوڵ نەکراوە، یان هەڵەیەکی پۆلیس و هتد)؛ هۆکارەکانیConjunctural(برسێتی، پەتا، بەرهەمی دروێنەکی کەم و خراپ)؛
پەراوێزخستنی کولتووری وەک زمان، ئایین؛ یان بڵاوبوونەوەی بیر و فکری نوێ3؛ و هتد. زۆر جار ئەم هۆکارانە پشت دەبەستن بە قەیرانێکی زۆر قووڵیStructurelle
لەناو کۆمەڵگادا. لە ڕاپەڕینێکی جەماوەرییەوە بۆ ڕاپەڕینێکی تر جەماوەر خاوەنی تەجروبە دەبێت.
کێ ڕاپەڕینی جەماوەری ڕێکدەخات و هەماهەنگی دەکات؟ بۆ ئەوە هەر وڵاتێک تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەیە. کۆمەڵێک ئەکتەری کۆمەڵگای سیڤیل(مەدەنی)، وەک: بزووتنەوەی خوێندکاران، یەکێتیی ئافرەتان، سەندیکای کرێکاران، پارێزەران و مامۆستایان، لیژنەکانی گەڕەکە ناوخۆییەکان، چالاکوانی کۆمەڵایەتی و هتد.

Associations، سەندیکا، بزووتنەوە و/یان یەکێتیی خوێندکاران (بەتایبەتی لە ئەمریکای لاتین، باکووری ئەفریقا و لە چەند وڵاتی تریشدا وەک ئەندەنوسیا، هایتی و هیندستان)، هەیە کە نە بەس خاوەنی تەجروبەن بەڵام لە هەمان کاتدا زورcombatif، چالاک و زیندوون.
کەیسی ئیکوادۆر تایبەتە. لە ئیکوادۆر بزووتنەوەیIndigène کە لە پشت چەندین ڕاپەڕینی جەماوەری(ڕۆڵی ناوەندی و سەرەکی بینیوە بۆ ڕێکخستن و دروست کردنی)، بۆویە، چەند جاریش حکومەتی ڕووخاندووە لە ساڵانی نەوەدەکاندا و شەرعییەتەکی زۆر باشی هەیە لە ناو کۆمەڵگادا.
لەسەر بنەمای چەند خاڵێک هێزە ئەمنییەکان(بە شێوەیەکی زۆر کورت و سادە: بەرژەوەندی، ستەم و زوڵموزوری، تاڵان کردن، دزی و گەندەڵیی شەرعی زۆر قووڵ؛ بێزار بۆون لە سرکردەکان و بارودۆخەکە، ڕۆڵ،position و structureی هێزە ئەمنییەکان، ئەکتەری دەوڵی خارجی و هتد)، و بە تایبەتی سوپا لەگەڵ ڕاپەڕینی جەماوەری تەدەخول و ڕۆڵی جیاوازیان (کودەتایەکی عەسکەری، لایەنگر یان دژی جەماوەر بۆونە، گوێیان لە ئەکتەری دەوڵی خارجی گرتووە وەک لە میسر؛ سەرپەرشتیtransitionکی عسکەریان کردووە و هتد)، هەبووە بە شێوەیەکی باش یان خراپ. وەک نموونە دەتوانین باسی زیمبابۆی لە ساڵی ٢٠١٧ بکەین. بە ڕاپەڕینێکی جەماوەری بەرفراوان، گەورە و تەدەخول نەکردنی سوپا، ڕۆبەرت موگابی سەرۆك و دیکتاتۆری زیمبابۆی ناچار بوو دەست لەکار بکێشێتەوە.

لێرەدا باس لە ڕاپەڕینی جەماوەری دژی ڕژێمی سەدام حسێن ناکەین کە ئەمریکا داوای کردبوو لە جەماوەری عێراق. چەند پرسیار و خاڵی گرنگ بو جەماوەری کورد(چ حزبی و غەیری حزبی، هێزەکانی ئەمنی، پێشمەرگە و هتد) لە کوردستانا عێراقە، بە شێوەیەکی زۆر سادە و کورت هوشیار بارزانی گووت:" مێژووی ڕاپەڕینی جەماوەری لە کوردستانا عێراقە چۆن بۆویە و بۆ تا ئێستا ڕاپەڕینی جەماوەری نەبوویە دژی سەرکردەکانی میلیشیای کوردی؟ مێژوو ئەمە ئیسبات دەکەت کە کوردستانا عێراقە خاوەنی هیچ جۆر ڕاپەڕینێکی جەماوەری نەبۆوە بۆ ڕوخاندنی دەسەڵات، هیچ تەجروبە نییە لە سەر ئەم بابەتە (و بەهۆی ئەوە ناتوانین باسی مێژوو و ژیانی ئەم کونسێپتە بکەین)، بەڵام بۆ؟ چونکە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی عەشایەرییە و چوارچێوەیەکی عەشایەری (سەربازی، ئەمنی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، میدیای، دیپلۆماسی و هتد)، هەبۆوە و هەیە، تەقریبەن هەمیشە لە شەڕدا بووە لەگەڵ حکومەتی بەغدا وUnderdeveloped.

<u>دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ، چی ماوە کە حکومرانی میلیشیای کوردی دژی جەماوەری کورد نەیان کردووە؟ بەهاکانی میلیشیای کوردی لە ناو کۆمەڵگادا(چ حزبی و غەیری حزبی بە شێوەیەکی گشتی: پەروەردە، دادوەری، تەندروستی، سەربازی، ئابووری، جوگرافیای، دارایی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئیدارەی، ئەمنی، بەڕێوەبردن و هتد)، دروست بۆونە لە: حەیوان کردنی کۆمەڵگا (و بە تایبەتی هێزەکانی ئەمنی، پۆلیس، پێشمەرگە و ئەندامی حزبی)، ستەم و زوڵموزوری، دزی، گەندەڵیی وتاڵانکردنی شەرعی زۆر قووڵی بێسنوور، دەسەڵاتەکی دیکتاتۆر و میلیشیای، توندوتیژی و شەڕی جیاواز و بەردەوام، قەیرانەکانی بەردەوامی شەرعییەت، هەبوونی یاسایی میلیشیای، خزمەت کردنی ئەکتەری دەولی خارجی و هتد. بەم جلوبەرگانە هیچ شتێک لە ناو کۆمەڵگادا بەها و مانای نییە: ئۆپۆزسیۆن، پەرلەمان، یاسا، ئەمنییەت، پەرلەمانتار، هەڵبژاردن، ئیدارە، وەزیر و گوزیر، وتار یانماڵپەڕی فڵان کەس و هتد.</u>

بەهۆی ئەمەوە ئەندام بوونی یەک میلیشیای کوردی(بەرپرس وئەندامی میلیشیای، هێزەکانی ئەمنی، پاراستن و ئاسایش، و هتد)، وەک پارتی، یەکێتی، کۆمەل، گۆڕان، یەکگرتوو، نەوەی نوێ، رەوتی هەڵوێست، بەرەی گەل، هاوپەیمانیی هەرێمی کوردستان، سۆسیالیست، کۆمۆنیست و هتد؛ ئەندام بوونی هەموو میلیشیایەکانی ترە. بۆ؟ چونکە بەهاکانی هەموو میلیشیاکان بە شێوەیەکی پراکتیک(عەمەل، کردار و رەفتار)، یەکن و <u>مێژوو زۆر بە هێز ئەوەی ئیسبات کردووە.</u>

سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی عەشایەرییە، لە مێژووی کوردستانا عێراقە دەتوانین و پێویستە کە باسی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ بکەین هەر چەند کە ڕاپەڕینێکی جەماوەری سەرانسەری نەبوو؛ تەقلیدی بو و لە ڕووی جوگرافییەوە سنووردار بوو. ڕۆژی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ لە شاری سلێمانی خۆپیشاندانێک بۆ لە کاتی بەهاری عەرەبی (٢٠١٠-٢٠١١)، کە نارەزایەتی خەڵکی بێ کار، هەژار و مافخوراو بوو(95%ی جەماوەری کورد)، دژی میلیشیای کوردی، نادادپەروەری، تاڵان کردن، گەندەڵی شەرعی بێ سنوور، ستەم و زوڵموزوری و هتد بو. ئەم ڕۆژە سەرنجمان بۆ ئەم خاڵانە ڕادەکێشێت:
'ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی' شانۆیی، درۆ و فێڵبازی دەرەجە یەک، ویژدانی جەماوەری گەڵ بە تەواوی نەمردووە، لەگەڵ globalization و سەردەمی ئینتەرنێت (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لایەنی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤی خۆیان هەیە و لە حاڵەتی ڕاپەڕینێکی جەماوەریدا دەبێت ڕۆڵیان چی بێت و چۆن خۆیان بەدوور بگرن لە تەڵەی جیاواز)، جەماوەر دەتوانێت لە گەلانی دیکە فێربێت، ئایا گەلی تونس یان زیمبابۆی ملیۆنێر بوون؟ نە، یان خاوەنی مووچەیەکی پێنج هەزار دۆلاری بوون؟ نە، <u>خاوەنی چی بوون؟ ئیرادە و باوەڕیان بەخۆیان هەبوو.</u>

چۆن گەلی تونس و زیمبابۆی دیواری ترسیان شکاند[4]؟ بێ گومان بارودۆخی ئێستای کوردستان (بو ڕاپەڕینی جەماوەری)، ئەوە ئیسبات دەکەت کە خالەکانی هاوبەشی جەماوەر و سەرکردەکانی کورد زۆرن لەگەڵ ئەوانەی جەماوەر و سەرکردەکانی زیمبابۆی یان تونس. و چەند جیاوازی لە نێوانیاندا: تونس و زیمبابۆی دەوڵەتن، خاوەنی شەرعییەتی نێودەوڵەتین و هتد، لە کوردستان وشەی "چەندین" دەسەلاتدارە: چەند سەرکردەی میلیشیای و عەشایەری، چەند ئیدارەی، چەند هێزی گەندەڵی و تالان کردنی بێ سنوور، چەند هێزی ئەمنی و پێشمەرگە؛ کۆمەڵگای سیڤیل و/یان شارستانی کوردی ئەوەندە پێشکەوتوو نەبوو، نەبوونی مەرجەکانی ڕاپەڕینی جەماوەری، و هتد.

بۆ گۆڕانکاری بنەرەتی پێویستە گەلی کورد باش بزانێت جگە لە ڕاپەڕینێکی گشتی هیچ چارەسەرێکی تر نییە. بەڵام چ جۆر ڕاپەڕینێک؟ Spontaneous ، نە. ڕاپەڕینێکی بە میتۆد و بە ڕێکخستنەکی زۆر باش و زیرەک: پێش هەموو شتێک دەبێت گەل خاوەنی ئیرادە و باوەڕی بەخۆی هەبێت (دروست کردنی ئیرادە و باوەر چۆنە؟)؛ هەست کردنەکی بەهێز بو ڕاپەڕینی جەماوەری؛ ئامانجەکانی؛ خاڵەکانی بەهێز و لاوازی دەسەڵات بە ڕوونی ئاشکرا بکەن، چۆن و بە چ شێوەیەک هێزەکانی ئەمنی پێویستە بەشدار بن؟ ئایا کۆمەڵگا بە شێوەیەکی عام داوای گۆڕانکاری بنەرەتی ناکەت؟ بەڵێ. سیڤیی زۆر رەش و خراپی سەرکردەکانی میلیشیای کوردی بەگشتی ئیسبات دەکەت کە ئەوان لەبەرامبەر ڕاپەرینێکی جەماوەریدا لە دۆخێکی زۆر زۆر خراپ و لاوازدانە. بێ گومان حەق و دادپەروەری لە گەڵ خەڵکە، جەماوەرە.

جیاوازی کارێک کە بە ئیرادە و باوەڕ ئەنجام دەدرێت و کارێک کە بە پارە و بۆ پارە ئەنجام دەدرێت چییە؟ ئایا پێویستە کە هەموو جار جەماوەر کۆپی فڵان وڵات، بیرکردنەوە، ئایدۆلۆژیا، یان فڵان سیستەم و هتد بکەت؟ نە. ئیرادە، وەک **driving force for**،
کار، کردار وعەمەلە و باوەڕ وەک ئێنێرژی یان سووتەمەنییەکی بێ سنوور کە شتێکی مەحاڵ دەیکەت بە شتێکی مومکین؛ دیواری ترس دەروخێنێت، پێمان دەڵێت کە لە زەماندا پێویستە هیوای خۆمان لە دەست نەدەێن و وەک موگناتیس خەڵک لە دەوری فکرەک یان پرۆژەیەک کۆدەکاتەوە. = وەرە، هەر چەند زوتر حاڵی بن باشترە بۆ ئێوە. پرۆگرام و پرۆژەی میلیشیای، زۆر ڕێکوپێک و باشن لەسەر کاغەز وەک زێڕن. ئیرادە و باوەڕ تەواوکەری یەکترن و بۆ سەرکەوتن لە پرۆژەیەکدا هەر دوو پێویستن. چارە سەر بۆ گۆڕانکارییەکی ریشەیی خارجی جەماوەری کوردا نییە. کەی جەماوەر هەست بە گرنگی و هێزی خۆی دەکەت و لە عەقلییەتەکی کلاسیکی، عەشایەری و میلیشیای خارج دەبێت؟

بارودۆخی ئێستای کوردستان بەجۆرێکە کە دەبێت هەموو چینەکانی کۆمەڵگا بەشدار بن بەشێوەیەک کە کار و عەمەلی ڕاپەرینی جەماوەری یەکلاکەرەوە بێت نەک هێزێکی دیوان و مەجلیس گەرم کردن، ' پرۆتۆکۆڵ' یان سیمبولێکی(کۆمەل، گۆران، یەکگرتوو، نەوەی نوێ، رەوتی هەڵوێست، کۆمۆنیست، بەرەی گەل، هاوپەیمانیی هەرێمی کوردستان و هتد)، گەندەڵی بێ سنوور، پۆست و پلە، مووچەی باش، کۆشك و تەلار، هەڵخەڵەتاندن، بۆ رازی و تێر کردنی مانتالەکی[5] زۆر تەماحکار و نزمی بێسنوور و خاپاندنی جەماوەر بێت؛ کە نە تەنها نەیتوانی بە هیچ شێوەیەک دەسەڵات بگۆڕێت بەڵام لە هەمان کاتدا شەرعییەت پێدەدەن و تەمەنی درێژ دەکەنەوە. بنەمای ئەم ڕاپەرینە لە زەمان ومکاندا نییە.

لە جیاتی کە بە بەردەوامی خەریکی ڕازیکردنی مانتالی زۆر بچووک و نزمی خۆت بی، .....یان زۆر .....بێ(خۆت بنوسە، ئەگەر بۆت بنووسم لاڵ دەبی)، زۆر بۆ تو باشترە بە باوەر و ئیرادەیەکی زۆر بە هێز بە شێوەیەکی عەمەلی کار و ئیش لە سەر ئەم بابەتە بیکەی.

دەتوانین مێژووی ناڕەزایەتی (و لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ڕاپەڕین)، جەماوەری لەعیراقدا بەم شێوەیە دابەش بکەین: لە ساڵی ١٩٢١ تا ١٩٦٨(عێراق تازە لەدایک بووە، کۆمەڵگەیەکی تەقلیدی، نەبوونی تەجروبەی جیاواز، بۆ نموونە ڕاپەڕینی جەماوەری)، لە ساڵی ١٩٦٨ تا ٢٠٠٣، و لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ئێستا و ئەم سەردەمە لە دوو قۆناغەکەی تر دەوڵەمەندترە. لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا خۆپیشاندان و نائارامی کۆمەڵایەتی لە عێراق ڕوویدا. حزبی شیوعی عێراقی(لە ساڵی ١٩٣٤ دامەزرا) کە بە هێز بو بە تایبەتی لە ناو کورد و شیعە، پێشەنگی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی گرتە ئەستۆ. دوای کودەتای ١٩٦٨، سەدام بەخێرایی ڕژێمێکی خوێنمژ ودیکتاتۆری دامەزراند و کۆمەڵگای مەدەنی و سیستەمی سیاسی بەسترا بوون(Frozen )، وەک سەهۆڵ. مێژووی عێراق
(کە زۆر دەوڵەمەند نییە لە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی کۆمەڵایەتی زۆر گەورە)، بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تەدەخولی ئەکتەری دەولی خارجی و کودەتا دوو هۆکاری سەرەکی بوون بو گۆڕانکاری دەسەڵات لە عێراقدا.

لەگەڵ تەدەخولی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراقدا، دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە بەغدا ڕووخا و سەردەمێکی سیاسی نوێ دەستی پێکرد کە تا ئێستا بەردەوامە. بە شێوەیەکی زۆر سادە و 'مەکرو' چەند تایبەتمەندی سەرەکی سیستەمی سیاسی نوێ کە تا ئێستا دەسەڵاتدارن لە عێراقدا: گەندەڵییەکی زۆرقووڵی شەرعی سیاسی-ئایینیی بێ سنوور، میلیشیا کردنی کۆمەڵگا و دەوڵەت، **clientelism** و تائیفەگەری جیاواز؛ هەڵخەڵەتاندن و خاپاندنی زۆر پرۆفیشناڵی جەماوەری شیعە، سوننە و مەسیحی بە تایبەتی لە ڕێگەی پرۆسەی هەڵبژاردن و یاری دیموکراسی سەقەتی**copy-past**، شەڕ و توندوتیژی جیاوازی ئیتنیک، ئایینی، ئابووری وهتد لەگەڵ جەماوەر، کۆنترۆڵی تەواوی ئابووری عێراق بۆ بەرژەوەندی شەخسی و دەوڵەمەندکردنی خێرای چینی سیاسی-ئایینی دەسەڵاتدار، خزمەت کردنی ئەکتەری دەوڵی خارجی و پاراستنی دەسەڵات؛ و هتد.

ئامارەکان زۆر بە هێز ئەم خاڵانە پێشان دەدەن و ئێستا ئەنجامەکانی نێگەتیڤی ئەم تایبەتمەندییانە لە ناو کۆمەڵگادا هاوار دەکەن.
لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، لە عێراق چەندین شەپۆلی ناڕەزایەتی گەورە(سوننە و شیعە)، دروست بۆون. بێ گومان بەهاری عەرەبی کاریگەری لەسەر خۆپیشاندانەکانی (ئێمە دەمانەوێت دەسەڵات بروخێت، نە بۆ گەندەڵی، نە بۆ دزی، داواکارییەکانی ئابووری وەک خزمەتگوزاری گشتی، ئیش، کار و هتد)، ساڵی ٢٠١١ ی عێراقدا هەبوو. لە ساڵانی ٢٠١٢-٢٠١٣خۆپیشاندانی بەرفراوانی سوننە لە ڕۆژئاوای عێراق دژی حکومەتی بەغدا و پەراوێزخستنی سوننە دروست بۆون، و ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی داعش. لە ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٨

خۆپیشاندان لە بەغدا، نەجەف، کەربەلا، ناسریە، بەسرە دژی گەندەڵی، نەبوونی خزمەتگوزاری گشتی، بێکاری، هەژاری، کۆتایی سیستەمی سیاسی تائیفی و حوکمڕانی خراپ دروست بۆون. لەم خۆپیشاندانانەدا کوژراو و بریندار هەبوون.

گوێ نەگرتن لە میللەت، بەردەوام بوونی تاڵان کردنی سەروەت و سامانی عێراق و لووت بەرزی چینی دەسەڵاتدار نە بەس تووڕەیی جەماوەر زیاتر کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا زەمینە بۆ ڕاپەڕینێکی نوێی جەماوەری ئامادە کرد. لە ساڵانی ٢٠١٩-٢٠٢١ عێراق شەپۆلەکی ناڕەزایەتی گەورە بینی کە بێ وێنە بۆ( بە بزووتنەوەی تیشرین ناسراوە و بە شێوەیەکی سەرەکی لە بەغدا و لە شارەکانی باشوور بۆ)، و ئەوە بە چەند شێوەیەک: هەموو چینەکانی کۆمەڵگا بەشدار بۆون( ئافرەتان، سەندیکای جیاواز، قوتابی، کرێکار، پارێزەران و مامۆستایان، بە تایبەتی گەنجەکان و هتد)، ڕەتکردنەوەی تەواوی سیستەمی سیاسی و ئایینی دەسەڵاتداری عێراقی، خۆپیشاندەران دروشمی بە هێز و جیاوازیان هەبۆو: بە ناوی دین دزەکان تاڵانیان کردین، ئێمە وڵاتەکمان دەوێت، بروخێن پارتە سیاسییەکان؛ و هتد. = تەنها یەک ململانێ سەرەکی هەیە ئەویش بینی چینی سیاسی-ئاینی دەسەڵاتدار و جەماوەرە (کورد، مەسیحی، و عەرەبی سوننە و شیعە)، و ویژدانی جەماوەری داخلی ئاستێکی تر بوویە.= **Historical rupture**

قەیرانی تەندروستی بەهۆی پەتای کۆڤید-١٩جموجۆڵەکانی جەماوەریان وەستاند و حکومەتی میلیشیای توانی خۆی لە تووڕەیی و فشاری جەماوەری بەدوور بگرێت. وەڵامی میلیشیاکان بۆ خۆپیشاندانەکانی بزووتنەوەی تیشرین زۆر کلاسیکی و توندوتیژیەکی دڕندانە (زیاتر لە ٧٠٠ کەس کوژران و زیاتر لە ٢٠ هەزار کەسیش بریندار بوون)، بوو وئەم خاڵانە ئیسبات دەکەت: گۆڕانکاریی **Structurel** لە سیستەمی ئێستای عێراقدا مەحاڵە، هەڵخەڵەتاندن و خاپاندنی زۆر شارەزا و پرۆفیشناڵی جەماوەری عەرەبی شیعە و سوننە وەک: سەرۆک وەزیر چیتر خۆی کاندید ناکات یان دەستی لەکار کێشایەوە، دروستکردنی هەزاران هەلی کار و خانوو، باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی گشتی، بریار و ڕێوشوێنی نوێ دژی گەندەڵی وهتد.
زۆرجار دەسەڵات توندوتیژی و سەرکوت کردنی جیاواز(ئابوری، میدیای، قەدەغەی هاتووچۆ، ئائینی، زیندانی کردن، کوشتن و هتد)، کە بەسەر چارەسەرەکانی تردا باڵادەستە، دژی ڕاپەڕینی جەماوەری بەکاردەهێنن. بۆچی؟ ترس لە ڕووخاندنی دەسەڵات و بۆ پاراستنەکەی، ترساندنی جەماوەر بۆ وازهێنان لە مافی خۆیان و بۆ ئەوەی کە بە بەردەوامی خەوتوو بێت؛ دەسەڵات، ڕاپەرینی جەماوەری بە کار و ئیشەکی قەدەغەکراو، نایاسایی و تاوانکار دەبێنیت؛ دەوڵەتێک لە پشت ڕاپەرینی جەماوەرییە و هتد.

ئەم شەپۆلانەی ڕاپەڕینی جەماوەری لە عێراقدا چیمان پێدەڵێن، چین خاڵەکانی بە هێز و لاوازی و چ دەرسەک جەماوەری عێراق پێویستە لێ وەربگرێت؟ بۆچی تا ئێستا میللەتی عێراق کە خاوەنی چەندین ڕاپەڕینی جەماوەری(چی لێیان کەم بوو)، بوویە نەیتوانی سیستەمی دەسەڵاتداری تائیفی و میلیشیای بگۆڕێت؟ هۆکارەکان یەک و دوو نین، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر سادە و کورت دەتوانین ئاماژە بە: کۆمەڵگایەکی تەقلیدی و تائیفی، کاریگەری ئەکتەرەکانی دەوڵی خارجی، نەبوونی ویژدانەکی جەماوەری نیشتیمانی و هتد بکەین.
جگە لە 'تەجروبە پەیدا کردن'، گەلی عێراق چی لەم ڕاپەڕینە جەماوەریانە بە دەستکەوت؟ هیچ، قوربانی زۆر و سیستەمی حوکمڕانی زۆر خراپ لە بەغدا هەر دەسەڵاتدارە. میللەتی عێراق پێویستە چی لە ڕاپەڕینی جەماوەری وڵاتانی دیکە فێربێت و چۆن هەڵەکانیان دووبارە نەکەتەوە بە تایبەتی دوای ڕوخاندنی سیستەمی دەسەڵاتدار؟ بۆ؟ چونکە دەسەڵات، پۆست و پلە شتی زۆر شیرینن و زۆر بە خێرایی مانتالەکی زۆر نزم و ئیگۆ دەسەڵاتدار دەبن.

ئایا سرکردەکانی ئێستای جەزائیر، لوبنان، عێراق، تونس یان میسر و هتد هیچ دەرسێک لەو کەسانە وەرگرتووە کە پێشتر خاوەنی دەسەڵات بوون؟ نە. ڕاپەرینی جەماوەری عەرەبی شیعە و سوننە لە بەغدا پێویستە چۆن بێت و دەبێت چۆن ڕێکبخرێت؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ خاڵەکانی بەهێزی دەسەڵات بکرێت؟ پێش هەموو شتێک جەماوەر پێویستە ئیرادە و باوەری بە خۆی هەبێت، هەموو چینەکانی کۆمەڵگا بەشداربن و بە هیچ شێوەیەک تائیفی یان ئایینی نەبێت، بەرنامەیەکی زۆر ئاشکرا(پێش، لە ماوەی و دوای)، و ئامانجەکان دیارکراوبن، خاوەنی ڕێکخستن و چوارچێوەیەکی باش بێت؛ و ئەمە لە ژێر چاودێری ویژدانەکی تازە (کە زۆر زۆر گرنگە)، کە کۆیلەی پۆست و پلە، مووچەی باش، کۆشك و تەلار نەبێت لە زەماندا."

ڕاپەڕینی جەماوەری لە هەر وڵاتێکدا تایبەتمەندی خۆی هەیە. لە تورکیا زۆر جار ڕاپەڕین و/یان نارازایەتی جەماوەری "تایبەت" بەهۆی فشاری سیاسی دژی ئۆپۆزیسیۆن دروست بوونە و/یان دەبن. لە تورکیا دەسەڵات بە شێوەیەکی عام = ئایدیۆلۆژیای هێرشبەری کەمالیست کە موقەدەسە و پاسەوانەکەی سوپای تورکیایە. مێژووی تورکیا بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کودەتای سەربازی(١٩٦٠، ١٩٧١، ١٩٨٠، ١٩٩٧ و کودەتای ٢٠١٦کە سەرکەوتوو نەبوو)، یان هەڵبژاردن (دیموکراسییەکی سەقەتی**copy-past**)،
دوو هۆکاری سەرەکی بوون بو "گۆڕانکاری دەسەڵات" لە ئەنقەرە. بەڵام چ کودەتای سەربازی، چ هەڵبژاردن، یان ڕاپەڕین و/یان خۆپیشاندانی جەماوەری و وەک دەسەڵات بە شێوەیەکی عام لە ژێر کۆنترۆڵی ئایدیۆلۆژیای هێرشبەری کەمالێست دانە کە چاودێری هەموو شتێک دەکات و لە سەرووی هەموو شتێکە. ئەوەی کە چینی دەسەڵاتداری تورکیا ئاگادار نییە ئەوەیە کە ئایدیۆلۆژیای کەمالیست دژی سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگایە ولە زەماندا، مەحاڵە ئەم ئایدۆلۆژیایە سەرکەوتوو بێت وەک هەر ئایدۆلۆژیایەکی هێرشبەری تر. و لەهەمان کاتدا بە بەردەوامی زیانێکی گەورەی ئابووری، دارایی، سایکۆلۆجی، کۆمەلایەتی و هتد بە تورکیا دەگەیەنێت. پاژۆو ئەنقەرە پاژۆو.

٥٠ یان ٦٠ ساڵ لەمەوبەر کێ باوەڕ دەکرد کە ئایدۆلۆژیای کەمالیست ئەمرۆش هەر دەسەڵاتدار دەبێت؟ لە بەرامبەر ئەم ئایدۆلۆژیای هێرشبەر کە درێژخایەنە قەندیل و جەماوەری کورد دەبێ خاوەنی چ میتۆدێک بێت لە زەماندا؟ مێژوو ئێسبات کردووە کە میلیشیای کوردی بە شێوەیەکی عام تەنیا بۆ پاککردنەوەی زبڵ و خاشاکی ئەکتەری دەوڵی ناوچەکە و غەیری ناوچەکە باشن، وایە قەندیل یان نە؟ لە ساڵی ٢٠٢٥ ئەندامێکی

قەندیل گوت: ئێمە ئینسان دروست دەکەین و لە کوردستانا عێراقە تاوەر یان بورجی گەورە دروست دەکەن. = ویژدانەکی بێسنووری تەسک، نزم و نەزان کە پێروزی هەمووممان بێت. پاژۆو قەندیل پاژۆو.

ئەم شەڕی دووەمی ئیسرائیل و ئەمریکا لە دژی ئێران چەند خالێک ئاشکرار دەکەت وەک: 'حوکمڕانی' ئەمریکا لە دەستی سەرۆکی ئەمریکا، ئەنجومەنی پیران و کۆنگرێسدا نەماوە، دەتوانین باسی پێش و دوای ئەم شەڕە بکەین، ئەم شەڕە دەرئەنجامی ململانێکانی ستراتیژی درێژخایەنە بۆ زاڵبوون بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەبوونی ئایدۆلۆژیای هێرشبەر و ترس بەس شەڕ و توندوتیژی دروست دەکەن، دووبارە داڕشتنەوە و/یان گۆڕینی دیمەنی سیاسی، ئابووری و ئێنێرژی و هتد، لە سەر هەردوو ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا، پاپا لیۆ میوانداری لوتکەی نێودەوڵەتی'AIE'[6] کرد لە ڤاتیکان بەهۆی ترسی زیادبوونی سەتانیزم لە سەرانسەری جیهاندا. ئەوەی کە زۆر کەس ئاگادار نییە و تێناگات ئەوەیە کە سەتانیزم لە زۆر شوێن زاڵ و دەسەڵاتدارە بە شێوەیەکی زۆر شارەزا و شاراوە(بۆ نموونە سەرۆککۆمار، سەرۆک وەزیر و هتد هەڵدەبژێرێت)؛ و هتد.

لە کۆتاییدا هوشیار بارزانی گووت:" ڕاپەڕینی جەماوەری تیشرین کۆتایی نەبوو، بەڵکو دەستپێک و سەرەتایەک بوو. شەش ساڵ دوای ڕاپەڕینی تیشرین برینەکانی جیاوازی جەماوەری عێراق نە بەس چاک نەبوونەوە بەڵام لە هەمان کاتدا خراپتر و قووڵتر بوونە. گۆڕینی سیستەمی سیاسی ئێستای عێراق بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی چینی سیاسی-ئائینی دەسەڵاتداری میلیشیای، دز و گەندەڵی عێراقدا نییە. بۆ؟ چونکە چینی دەسەڵاتدار زۆر دەوڵەمەند بووە، ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبێت و هەموو سەروەت و سامانی عێراق، کۆنترۆڵ کردووە. بۆ ڕزگاربوون لەم سیستەمی سیاسی ژەهراوی عێراقی، جەماوەری عێراق پێویستە باش ئاگادار بێت کە جگە لە ڕاپەڕینێکی جەماوەری گەورە وبە ویژدانەکی نیشتیمانی کە دەبێت لەدەرەوەی هوکارەکانی میلیشیای، ئیتنیک و ئایینی بێت، هیچ چارەسەرێکی تر نییە.  و بۆ ئەوە ویژدانەک پێویستە کە خارجی زەمان و مکان بێت."

م.امین
٢٠٢٦/٠٤/١٣


1- International Monetary Fund and World Bank
2- https://kcdme.com/Ayoub%20Barzani%2020.08.2025.pdf
https://kcdme.com/M.%20Amin%2015.03.2021.pdf
3- https://kcdme.com/Deuxi%C3%A8me%20livre,%20troisi%C3%A8me%20%C3%A9ditions-%20july%202025.pdf
https://kcdme.com/Third%20book%20part%20one.pdf
https://kcdme.com/Third%20book%20part%20two.pdf
https://kcdme.com/page9.html
4- https://kcdme.com/M.Amin%2026.07.2023%20---PDF.pdf
https://kcdme.com/M%20Amin%2004.12.2020.pdf
5- https://kcdme.com/M.%20Amin%2021.11.2022.pdf
6- International Association of Exorcists (AIE)
https://x.com/EWTNVatican/status/2036057224435388549